# تێکدان و شێواندنی
# ژینگەی کوردستان
# لە چاوی فۆتۆگرافەرانەوە





2018


Cover Design: Hatem Osman

# تێکدان و شێواندنی ژینگەی کوردستان

## لە چاوی فۆتۆگرافەرانەوە

٢٠١٨

# ناسنامە

ناوی گۆڤار: تێکدان و شێواندنی ژینگەی کوردستان لەچاوی فۆتۆگرافەرانەوە.

بیرۆکە و ئامادەکردنی: سەروەرقەرەداغی.

دیزاینی ناوەوە: خۆگر ئەحمەد.

بەرگ:هەرێم عوسمان.

نۆبەتی چاپ: یەکەم.

ساڵی چاپ: ٢٠١٨

تیراژ: ١٠٠٠ دانە.

پەیوەندی: sarwarqaradaxi93@gmail.com

جێ بەجێکار: ڕێکخراوی سروشتی کوردستان.

پێشەكی..   جێگەی خۆشحاڵییە ژمارەیەك فۆتۆگرافەری سروشت دۆست، هەوڵی بەردەوام دەدەن، بۆپیشاندانی جوانیەكانی سروشت و دەستدرێژیەكانی مرۆڤ بۆ سەر سروشت. ئەگەر چی ژمارەی ئەو فۆتۆگرافەرانە كەمن، بایەخ بەلایەنی دوهەم دەدەن، كەتێكدان و شێواندنی ژینگەی كوردستانە.  بەلاّم هەوڵەكانیان جێگەی دەستخۆشی و رێزلێنانە، چونكە ئەو فۆتۆگرافەرە رۆح سەوزانە، خۆیان تەرخانكردووە و لەسەرحسابی خۆیان، چەندین كیلۆمەتر رێگا دەبڕن، تادیمەنێك تۆماربكەن، كەهەندێجار ڕوبەڕوی ئاستەنگ و نارەحەتی دەبنەوە، بەلاّم كۆڵیان نەداوە.  لەرێگەی كامێراكانیانەوە چەندین دیمەنی كاریگەریان تۆماركردووە.

لەماوەی سالاّنی ڕابردو، لەگەڵ هاوكارانم لە ڕێكخراوی سروشتی كوردستان، پێشانگای فۆتۆگرافەریمان تایبەت بەم پرسەكردەوە، بۆژمارەیەك لە فۆتۆگرافەران، توانیمان پێشانگاكە لەچەندین شار و شارۆچكەی باشوری كوردستان بكەینەوە. توانیمان لەرێگەی فۆتۆوە، بەشێك لە دانیشتوان، ئاشنای كێشەژینگەییەكان بكەین. ئەم هەولاّنەمان بەگرنگ و كاریگەر زانی، هەربۆیە لەپرۆژەیەكی تر و لە هەوڵێكی جیاوازدا، دەستمان بەكۆكردنەوەی فۆتۆكانی پیسبونی ژینگەی كوردستان كرد، لەگەڵ ئەو فۆتۆیانەی پێشتر بۆمان نێردرابو. توانیمان بەچاپی بگەیەنین. بەسوپاسەوە فۆتۆگرافەرەكان، خۆبەخشانە بەشدارییان لەگەڵ كردین.  لەكۆتایدا هیوادارم ئەم لەچاپدراوە سود بەتۆی بەرێز بگەیەنێ، ئاشنای كێشە ژینگەییەكانت بكا. هیوادارم لەدوای

تێگەیشتن لەکێشەکان، هەمان لەچاپدراو ببەخشی بەکەسانێکی نزیك لەخۆت، تا ئاشنای کێشەکان بن و بتوانن ئاستی وشیاری ژینگەیی و ڕۆشنبیرییان زیاد بکەن.

داواکارم لە تەواوی ئەوکەسانەی وەك فۆتۆگرافەر کاردەکەن، لەڕێگەی کامێراکانیانەوە بایەخ بەپرسی ژینگە بدەن، پیسبونەکانی ژینگە تۆماربکەن. داواکارم لەوفۆتۆگرافەرانەشی کاریان لەم بوارەدا کردووە، بەردەوامی بدەن بەکارەکانیان، چونکە لەڕێگەی هەوڵی ئەوانەوە، دەتوانین دانیشتوانی کوردستان ئاشنای مەترسیەکان بکەین، لەسەر ژینگە و ژیانمان.

سەروەرقەرەداغی- پارێزەری ژینگە

٢٨.٥.٢٠١٨



(ئاوەڕۆی دەربەندیخان، بەبێ بونی هیچ كارگەیەكی پاككردنەوە، ڕاستەوخۆ، دەڕژێتە ناو ڕوباری سیروان)

فۆتۆ/ شۆڕش سەید ئەحمەد ٢٠١٥



تانجەرۆ( ئاوەڕۆی شاری سلێمانی، بەبێ پاکردنەوە، ڕاستەوخۆ، دەڕژێتە ناو لقی تانجەرۆ )

فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥



تانجەرۆ( ئاوەڕۆی شاری سلێمانی، لقی تانجەرۆ، جوتیاران سود لەو ئاوەڕۆیە وەردەگرن بۆ سەوزە و بەرهەمە خۆراکییەکان )

فۆتۆ/ سەروەرمحمد٢٠١٥



تانجەرۆ( لقی تانجەرۆ، ئاوەڕۆی دانیشتوانی شاری سلێمانی و نەخۆشخانەکان،  ئاوەڕۆی کارگەکانی ئاسن و پاڵاوتگەکانی نەوت، ئاوەڕۆی زبڵ و خاشاکی سلێمانی لێ کۆدەبێتەوە، بەبێ هیچ پاکردنەوەیەك، ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو بەنداوی دەربەندیخان ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥



دەربەندیخان( پردی دێوانە، وەرگەڕانی تەنکەرێکی گواستنەوەی نەوت. ڕژانی ٣٦,٠٠٠لیتر نەوتی ڕەش بۆ سەرخاك و ناو ڕوباری سیروان ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥





دەربەندیخان( کۆمپانیای پاکردنەوەی شارۆچکەی دەربەندیخان، ڕژانی ڕاستەوخۆ بۆ ناو ڕوباری سیروان )

فۆتۆ/ شۆڕش سەید ئەحمەد ٢٠١٥



چەمچەماڵ (گوندی گۆپتە پە، زێی بچوك. پاشماوەی گەشتیاران و تێکەڵاوبونی بەسەرچاوەی ئاوی خواردنەوە)

فۆتۆ/ جەوهەرکانی هە نجیری٢٠١٦



دەربەندیخان( پاشماوەی گەشتیارانی ناوچەگەشتیارییەکانی دەربەندیخان، تێکەڵاوبونی بەئاوی بەنداوی دەربەندیخان و ئاوی خواردنەوەی دانیشتوان ) فۆتۆ/ شۆڕش سەید ئەحمەد ٢٠١٦



هەڵە بجەی شەهید( ڕوباری سیروان، گوندی جەرداسنە. مردنی ماسی، بەهۆی پیسبونی ئاوەکە و تێکەڵاو بونی لقی تا نجەرۆ.
دابەزینی ئاستی ئاوەکە و بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین، هۆکاری لەناوچونی ماسیەکانن ) فۆتۆ/ دڵشاد دارستان ٢٠١٣



هەڵە بجەی شەهید( ڕوباری سیروان، گوندی جەرداسنە. مردنی ماسی، بەهۆی پیسبونی ئاوەکە و تێکەڵاو بونی لقی تا نجەرۆ. دابەزینی ئاستی ئاوەکە و بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین ) فۆتۆ/ دڵشاد دارستان ٢٠١٣



دەربەندیخان( ڕوباری سیروان، شوێنی وەرگرتنی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی دەربەندیخان ) فۆتۆ/ شۆڕش سەید ئەحمەد ٢٠١٥



کۆیە(گوندی جەلی، ناوچەی خۆشناوەتی ) فۆتۆ/ فەرمان محمد حەمەسالح ٢٩□٧□٢٠١٥□



کفری( قەیسەری کۆن "شوێنەوارێکی کوردستان" ڕژانی ئاوەڕۆی یەکێك لە گەڕەکەکانی شارۆچکەی کفری بۆ ناو شوێنەوارەکە )

فۆتۆ/کۆسرەت بورهان ٢٣□١□٢٠١٦




سلێمانی( خۆڵبارین، بەهۆی لە ناوچونی درەختستانەکان و دیاردەی بەبیابان بوون ) فۆتۆ/ ناسیح عەلی خەیات ٢٠١٥




دەربەندیخان (گوندی بیرکێ، ئاگرگرتنی تەنکەرێکی گواستنەوەی نەوت و سوتانی ٣٦,٠٠٠لیتر نەوتی ڕەش)

فۆتۆ/ خۆگر ئەحمەد ٢٠١٤



دەربەند یخان( گوندی بیرکێ، ئاگرگرتنی تەنکەرێکی گواستنەوەی نەوت، سوتانی ٣٦,٠٠٠لیتر نەوتی ڕەش.
سوتاندنی درەختستان و پیسبونی ڕەگەزەکانی خاك و هەوا ) فۆتۆ/ حەمە سور ٢٠١٤



دەربەندیخان( ناوچەی پیشەسازی، یەکێك لە گەڕەکانی شارۆچکەکە. کارگەی گەچ و هاڕینی بەرد، بەبێ فلتەر کاردەکەن، دژی یاساکانی ژینگە )   فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥



دەربەندیخان( ناوچەی پیشەسازی، یەکێك لە گەڕەکانی شارۆچکەکە. کارگەی گەچ و هاڕینی بەرد، بەبێ فلتەر کاردەکەن، دژی یاساکانی ژینگە ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥



دەربەندیخان(کارگەی گەچ، نەبونی فلتەر، پیسکردنی ڕەگەزی هەوا ) فۆتۆ/ میران عەبدوڵا ١٩/٤/٢٠١٨



جەلەولا( شەڕی داعش، تەقینەوەی بۆمب ) فۆتۆ/ کۆسار عومەر ٢٠١٥



پێنجوێن (ئاگرکەوتنەوە، بەهۆیەوە پوش و پاوان و درەخت و هێلانەی باڵندەکان دەسوتێت، زیندەوەرەکان لەناو دەچن)

فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٦



قەرەداغ( ئاگرکەوتنەوە، بەهۆیەوە درەختستان و پوش و پاوان و هێلانەی باڵندەکان دەسوتێت، زیندەوەرەکان لەناو دەچن )

فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٦



تانجەرۆ؛ ناوەندی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی شاری سلێمانی، بەبێ بونی کارگەی دوبارە بەکارهێنانەوەی خاشاك. ئاگر دەگرێت، ڕەگەزی هەوا پیس دەکا، بەهۆی بارانەوەی دەشۆرێتەوە و دەڕژێتە لقی تانجەرۆ، بەشێوەیەکی نازانستی لەخاکدا دادەپۆشرێت، ئاوی ژێر زەوی پیس دەکا ) فۆتۆ/سەروەرمحمد ٢٠١٥



تانجەرۆ( ناوەندی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی شاری سلێمانی، بەبێ بونی کارگەی دوبارە بەکارهێنانەوەی خاشاك. ئاگر دەگرێت، ڕەگەزی هەوا پیس دەکا، بەهۆی بارانەوەی دەشۆرێتەوە و دەڕژێتە لقی تانجەرۆ، بەشێوەیەکی نازانستی لەخاکدا دادەپۆشرێت، ئاوی ژێر زەوی پیس دەکا ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٥



**کەلار( ناوەندی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی شاری کەلار، بەبێ بونی کارگەی دوبارە بەکارهێنانەوەی خاشاك. جگە لە پیسکردنی ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا و خاك، هیچ بەربەستێك دانەنراوە بۆ تێکەڵبونی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە بە شوێنەکە،مرۆڤ بۆ بژێوی ژیانی ڕو لەو ناوچەیە دەکا. ئاژەڵە شیر دەرەکانی وەك"مانگا و بزن" لەو شوێنە کۆدەبنەوە و پاشماوەکان دەخۆن، بەهۆیەوە دەمرن یان شیر و گۆشتەکەیان ژەهراوی دەبێ ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ١٥/٢/٢٠١٤**



**کەلار( ناوچەی پیشەسازی، ڕۆنی ئۆتۆمبێل و پیس کردنی ژینگە ) فۆتۆ/ کۆسرەت بورهان ١٢/١/٢٠١٦**



باوەنور( بڕینەوەی درەختی یوکالیپ تۆز، لە ناوەندی خوێندن!

بە پاساوی وەرینی گەڵا و زیان گەیاندن بە دیواری خوێندنگەکە ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٢



ڕوباری سیروان( کارگەکانی دەرهێنانی چەو و لم، لە پێناو پارە، ڕوبەرەسەوزاییە خۆڕسکەکانیان
لەناوبردووە و ڕێڕەوی ئاوەکەیان گۆڕیوە، کارکردنیان بەردەوامە ) فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٦



**ڕوبـاری سیروان( گەزەلاّن، بڕینەوەی درەخت لەلایەن خاوەن کارگەکانی دەرهێنـانی چەو و لم ) □**

**فۆتۆ/ دڵشاد دارستان ١٨□٢□٢٠١٦**



شارەزوور( وارماوا، بڕینەوەی درەخت لە باخچەیەك، لەلایەن سەرۆكایەتی شارەوانی وارماوا،
بە پاساوی وەرینی گەڵا! )     فۆتۆ/ سەروەرمحمد ٢٠١٣




دەربەندیخان( کانی دەرهێنانی بەرد، لەناو درەختستانەکان، هۆکاری لە ناوچونی ڕوبەرە سەوزاییەکان
و ڕامالێنی خاکن )   فۆتۆ/ سەروەر محمد ٢٠١٥




دەربەندیخان( کانی دەرهێنانی بەرد، لەناو درەختستانەکان، هۆکاری لە ناوچونی ڕوبەرە سەوزاییەکان و ڕامالینی خاکن ) فۆتۆ: سەروەر محمد ٢٠١٥




کەلار( ڕەچاونەکردنی ژینگەی بینین، هیچ ڕێکخستنێك نەکراوە بۆ وایەر و تابلۆکانی بازاڕ)

فۆتۆ/ کۆسار عومەر ٢٠١٦



سەیدسادق( بانگەشەی هەڵبژاردنی عێراق، ڕەچاو نەکردنی ژینگە بینین ) فۆتۆ/ هەڵۆجەباری مانگی٥ی ٢٠١٤



هەورامان( بیارە، پیسکردنی ژینگەی بینین و بیستن"ژاوەژاو" ) فۆتۆ/ ئاریا ئەرکان ٢٠١٦




قەرەداغ( کوشتنی مار) فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٧



(کوشتنی سمۆرە) فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی



پێنجوێن(کوشتنی بەراز) فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٥



هەولێر( کوشتنی سەگێك، بە تا پڕ، لە ناو زانکۆی سەلاحەدین، لەلایەن کارمەندێکی حکومەتەوە،
کارمەندەکە تەنها کاری کوشتنی سەگە بێ پەناگەکانە! ) فۆتۆ/ نەزانراو ١٦□٢□٢٠١٧



هەڵە بجەی شەهید( كوشتنی یەكێك لە پڵنگە دەگمەنەكان لە جیهاندا )

فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٥



(کوشتنی یەکێك لە پڵنگە دەگمەنەکان لە جیهاندا)

فۆتۆ/ بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٥



دەربەندیخان( کوشتنی بزنێکی کێوی و دو بێچوەکەی. تۆمەتبارانی کەیسەکە بەر لێبوردنی گشتی ساڵی ٢٠١٧ی پەرلەمانی کوردستان کەوتن ) فۆتۆ/ دڵشاد دارستان ٢٣⎕٤⎕٢٠١٧



(کوشتنی چوار بێچوی سەگێك لە شارەدێی
"دارەتو" لە پارێزگای هەولێر
لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان! )
فۆتۆ/ نەزانراو ١٦ ٤ ٢٠١٨